# شەهیدە دروستکراوەکان و شەهیدە وونبوەکان

بێریڤان جەمال حەمەسەعید

لە ڕۆژە گرنگ ومانادارەکانی کۆمەڵگادا وەك ڕۆژی بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی ژێردەستەیی وچەوساندنەوەندا، چەمکی شەهید و شۆڕشگێرو ڕزگاریخواز دێتەپێشەوە. بە چەشنێك لە ناو کۆیی ووتاری سیاسی و حیزب و بەرنامە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکاندا بەرزڕاگرتن و پیرۆزی مەرگی شەهید بایەخێکی تایبەت وەردەگرێ.

مەرگی شەهید لە رووی ئەخلاقی و دەروونی و فیکری و کۆمەڵایەتیەوە مانایاکی جیا لە مەرگی ئاسایی لە خۆ گرتوە، تراژیدیای شەهید نەخشێکی جیا لە تراژیدیای مەرگی پێدراوە. ئەو وێنەیەی کە لەهەست و نەستماندا چەسپێنراوە ( پاڵەوان، نەمر، ) مانایەکی ڕۆمانسیەت و شاعیریی پێبەخشراوە، تەنانەت بە چەشنێك کە مۆرکی پیرۆزیی و پاکی دراوە بە ڕۆحیان.
گەر چی ڕێزگرتن و بەرز نرخاندنی مردو لە هەمو کەلتوورەکاندا پیادە دەکرێت،

بەڵام ئایازیندوراگرتنی ئەوانەی لە رێی خاك و نیشتمانیان گیان لە دەست دەدەن و بەخشینی مانای قوول پێیان و خستنیانە ناو خانەی نەمری بە چ تەرازوویەک دەکێشرێن؟ بە مانایەکی تر ئایا جیاوازی لە نێوان هەلومەرجی شەهیدبوونی شەهیدێک و شەهیدێکی دیکەدا نابێت ڕەچاو بکرێت؟ بۆ نموونە دوو کەس لە پێناوی باوەڕەکەیاندا لە سێدارە دەدرێن، یەکێکیان پێش لە سێدارەدان سروود بۆ باوەڕەکەی دەڵێت، ئەویتر بە پارانەوەو پەشیمانی دەربڕین لە سێدارە دەدرێت، ئەم دوو کەسە هەردووکیان وەک یەک شەهیدن؟ ئەوەی گوللە بەر سنگی دەکەوێت،
یان ئەوەی بەر پشتی دەکەوێت وەک یەک شەهیدن، وەک یەک پیرۆزن، وەك یەك پاڵەوانن؟
ئایا ئەو فەزا ڕۆمانسیەت و شاعیرەی کە بۆ هەندێ لە مەرگی شەهیدان
دروستکراوە، ڕەوایە؟

ئایا نابێ ئەو شەهیدانەی کە پەیمانی نەمری و سوێندی بەردەوامیان هەڵگرتبوو، گیانیان هەمیشە لەسەر دەستیانبوو، لەوانەی ئەگەر بیانزانیبایە یەک دڵۆپ خوین لە پەنجەیان دێت نەیاندەکرد، جیاکرێنەوە؟
ئایا هەموو شەهیدەکان وەکو یەك شەهیدن، یاخود هەندێکیان دروستکروان ؟
بۆ نمونە گەر سەیری کەسایەتیەکی گەورەی هۆلەندا بکەین کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەهەمدالە دژی نازیە داگیرکەرەکان بەرگری وکۆششی کردبوو شاعیرورۆژنامنوسی " یان کەمپەرت" ە، یان کەمپەرت کە لە دایك بوی ساڵی ( 1902 ). لە ساڵی 1942

ئەم پیاوە لە لایەن نازیەکانەوە دەگیرێ و ڕاگوێزی کەمپی( نێوگامە)ی ئەلمانیا دەکرێ. لە پاش ماوەیەکی کورت لەو کەمپەدا لە 1943 ئەمرێ و گیانی بەخاك دەسپێررێ . داوبەدوای نەمانی، نەك هەر کرا بە شەهیدی گەورەی هۆلەندا بگرە پیرۆزییەکی لە ڕادە بەدەری درایەو ڕێزی گەورەی لێنرا . نەك هەر بوە سیمبۆڵی هێزی بەرگری وپاڵەوان ، بگرە چوە ناو نیهادو ویژدانی جەماوەری هۆڵەندییەوە بە جۆرێك کە نزیکی شەست ساڵ دوای تێپەڕبوونی جەنگی جیهانی دوهەم زۆربەی جارلە 4 ی مانگی پێنجدا لە کاتی یادی شەهیدانی جەنگ ، ناوی بە ڕێز و گەورەییەوە دێتە پێشەوە و شیعرەبەناوبانگەکەی لە سەر" 18 کوژراواکە " نوسیبوی، دەخوێنرێتەوە.

ئەو شیعرەی لە ساڵێ 1941 دەنوسێ ، لە ئەنجامی بیستنی خەبەریك لە گۆفارێکی نهێنیدا لە سەر ڕەمی کردنی 18 خەباتگێری هۆڵەندی ، ئەم شیعرە لە کە لە پێشدابە نهێنی بڵاودەکرێتەوە، کاریگەری زۆری لە سەر خەڵکان کردبوکە بە چەشنێك ووزەو هێزی بەرگری ، ئازایەتی، دڵنیای لە ساتەوەختی ڕۆژە تاریکەکانی هۆڵەندا لە دڵ و

دەروونی خەڵکیدا بە تین  دەکرد،ئەو شیعرەی کە لە کاتی جەنگدا لە سەرەتادا 15.000 چاپکراولە دوایشدا 50.000
دانەی تری لێ چاپکرا.
شیعرەکەش ئەمەیە :

خانەیەکی بەندیخانە تەنها دوومەتر درێژ
بە هەزار حال دوو مەتریش پان
لە هەموو بارێکدائەو پارچە زەویەی
کە هێشتا نازانم کوێیە هەر لەوە بچوکترە
بەڵام دڵنیام کە بە بێ ناو( بە نەناسراوی) تێدا دەحەوێمەوە
هاورێکانیشم بە هەمان شێوە
ئێمە هەژدە بووین بە ژمارە
هیچمان ئێوارە بە چاوی خۆی نابینین،( هیچمان ناگەینە ئێوارە)
ئای خۆشترین هەواوزەوی
هەواوزەوی قەراغ دەریای
سەربەستی هۆڵەندا
جارێك لە بەر زاڵینی دوژمن
تەنها سەعاتێکیش ئیسراحەتم تیا نەبینی
پیاو دەتوانێت لە سەر ماف، وەفاداری چی بکات
لە سەر دەمێکی وەهادا؟
منداڵەکەی ماچ دەکات، ژنەکەی ماچ دەکات
خەبات لە جەنگێکی بێ مانادا دەکات......

جیا لەم شیعرەی کە لە سەرانسەری هۆلەندادا دەنگ دەداتەوە ، شیعری
" دڵم یاخیە " بە هەمان شێوە هێزی خۆی دەگەیەنێتە ناخ و دەروونی خەڵکی  : شیعرەکەش :
یاخیە دڵم و بەندکراوەوکۆیلەیە
شیشەکانی بەندیخانەی هەموو ڕۆژێك ڕادەوەشێنێت.....

بەلام لێرە پرسیار دێتە پێشەوە کە" یان کەمپەرت"لە لایەن زۆرینەی خەڵکی سیاسی و ڕۆشنبیرانەوە ناسراوە، بەڵام ئایا چ کەسایەتیتەك لە پشت ئەم شاعیرە  خۆی حەشارداوە ؟
ئەو شەهادەتەی کە پێدراوە لە نەمری ، پاڵەوان، سەربەرز، مافی خۆیەتی و،پێی ڕەوایە؟ لەسەرئەم بیرورایانە بۆ چوونی جیاواز هەیە: هەندێك لە وانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر شێوەی مردنەکەی کردوە دەڵێن:

لە بەر ئەوەی شیعری" 18کوژراوەکە "لەداوی مردنی لە کەمپی نیوگامە ،شیعرەکە بلاودەکرێتەوە ، خەڵکی وای لێکدەدەنەوە کە ئەم شاعیرە یەکێك بوە لە هەژدە کوژراوەکە ،چونکە لە بڵاوکراوەکاندا وا دەخرایە بەرچاو کە لە لایەن نازیەکانەوە ڕەمی کراوە، بەڵام لە ڕاستیەکەیدا هاو زیندانەکان وا دەیگرێنەوە کە لە ئەنجامی برسێتی و ووشکبونەوە لە کەمپدا گیانی لە دەست داوە و، جیا لەوەش پالەوان نەبوە بگرە جاسوسی کەمپ بوە هەندێ جار زانیاری داوە بە نازیەداگیرکەرەکان،

مۆتیفی گرتنەکەشی ئەوە بوەکە لە کاتی جەنگدا هەوڵی داوە چەند جولەکەیەك دەرباز بکات  بەرەو سنوری بەلچیکاو بیان پەڕێنێتەوە ئەمەشی کە کردوە مۆتیفەکەی پرنسیپی مرۆفایەتی یان سیاسی نەبوە بگرە بازرگانی بوە . بەم جۆرە (کەمپەرت) لە لوتکەی پیرۆزی و پالەوانێتی و نیشتمان پەروەرییەوە هێنرایە خوارەوەو کرا بە ناپاك و سیخوڕی نازییەکان، وەك لە پێشەوە باسمانکرد پاشئەوەی 60 ساڵ بە هەڵە ڕۆڵەکەی هەڵسەنگێنرابوو.

گەر سەیری واقیعی ئەمرۆی کوردستان بکەین لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی ڕۆشنبیریدا جیاوازیەکی زەق لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەلگادا دەکرێ ، ئەوەی جێی داخە ئەم جیاوازکاریەش لە ناو شەهیدەکانمادا ڕەنگیان داوەتەوە ، بەڕادەیەك زۆر لە شەهیدانمان نەك هەر ناویان نابرێت بگرە هەرگۆڕیشیان نیە،

هەندێکیش نەك هەر خەباتگێر و شۆڕشگێر نەبون بگرە پەرژەوەندی خۆیان لە پێش هە موو شتێکیترەوە بووە، کەچی لەبەر ئەوەی کەسی کەسانی دەسەلاتدارن، پیرۆزییەکی ئەوتۆیان دراوەتێ، بۆتە جێی سەرسووڕمان و باوەڕ لەقبوونی جەماوەر لە هەمبەر خەبات و تێکۆشان، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیەلە مەزنایەتی شەهید نەهێنینە خوارەوەو هەلومەرجی شەهیدبوون و هەڵوێست و پاڵەوانێتی و مێژووی خەبات و تاقیکردنەوە، خاوێنی کردەوەکردار بکەینە پێوانەو، هەرچەندێک دادوەری لەم چەمکەدا ورد و مرۆڤپەروەرانەبێت هێشتا هەر دەیەوێت.

ماوەتەوە بڵێم سەری نەوازش دادەنەوێنم بۆ ئەو شەهیدە ڕەوانشادانەی چوونە پێناوی هێنانەدی ژیانی ئازادی و سەرفرازی نەتەوەی کورد، بە ناسراو و نەناسراویانەوە، بەوەی هەمیشە لەبیرەو ئەوەشی لەبیرچوونەتەوە.